# ڕوونکردنەوە بۆ چاودێرێکی کوردستان نێت ... چاودێرێکی ئاگادار

لە بابەتەکانی ئەڵمانیا 2006/7/18 ی سایتی کوردستان نێت دا چاودێرێک هەندێ زانیاری دەربارەی پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەر و سەربازەکان بڵاوکردەوە بەمەبەستی (وەکو خۆی وتەنی) " خزمەتکردنی هەستی بەرزی پێشمەرگە دێرینەکان و خاتری خوێنی شەهیدان و ئەفسەرە کورد پەروەرەکان ". جا بۆئەوەی ئەو بەڕێزانەی کە لە ووردەکاری ئەو بابەتە ئاگادارنین و بە مەبەستی چەواشە نەبوونیان و بەیانکردنی ڕاستییەکان ئەم زانیارییانەی خوارەوە دەخەینە ڕوو:

1. بەڕێز فەریقی یەکەم (کەمال موفتی) ئێستا ڕاوێژکاری سەربازی بەڕێز سەرۆک کۆمارە و جێگری فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانە و بە بڕیاری ژمارە (130) لە 2001/7/29 دەسەڵاتی یاسایی پێ بەخشراوە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی ئەفسەر و سەرباز و گەڕانەوە بۆ خزمەتکردنی سەربازی و خانەنشین کردن. ئەو کارانەی کە موفتی ئەنجامی داوە لە ڕووی یاساییەوە تەواوە هیچ کەموکورییەکی نییە و فەرمانەکانی بەڕێزیشیان بەر لە 2006/5/7 بووە کە ئەو ڕێکەوتە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەکە بووە.

2. کەسێکی وەکو کاک (کەمال موفتی) نەک لەسەر ئاستی کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی عیراق ناسراوە و یەکێکە لە ئەفسەرە هەرە بەتوانا و کارامەکانی سوپای عیراق لەسەردەمی پاشایەتییەوە لە ڕیزەکانی سوپادا بووە چەندین پۆستی باڵای پێ بەخشراوە لەوانە (فەرماندەی لیوای / 19 کە لە لیوا دیارەکانی عیراق بووە. سەرۆکی دادگای تەمیزی سەربازی) جگە لە هەڵوێستە جوامێرەکانی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستاندا کە نامەکانی بارزانی نەمرو ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان و گەواهی ئەوەن لە پێشمەرگایەتیدا چۆن فەرماندەیەک بووە. ئایا دەکرێ کەسێک کە بەڕاستی ئەفسەربێ و بەو شێوەیەی چاودێرەکە باسی دەکات گوێ نەدات بە یاسای خزمەتکردنی سەربازی.

3. هەشت ساڵ قیدەم نەبەخشراوە بە هیچ ئەفسەرێک بەڵکو هەندێک لە ئەفسەران کە قیدەمی ساڵ و ساڵ و نیویان دراوەتێ لەم حاڵەتانەدا:

کۆمەڵێک لە ئەفسەرانی کوردستان و بەتایبەت دەرچووانی کولیەی عەسکەری قەڵاچوالان (خولی شەهید ملازم جوامێر مەندەلاوی) و خولەکانی تر کە بەشدارییان کردووە لە سوپای عیراق و لەو خولانەی کە لەوێ کراونەتەوە لە یەکەمەکانی ئەوێ بوون. کە تازەترینیان خولی (کولیەی ئەرکان / ئەقدەمین) ە کە بڕوانامەی ماستەر لە زانستی سەربازی و ستراتیژی دەبەخشێت و یەکەمی خولی یەکەمی ئەو کۆلیژە کەلە تەمموزی ئەمساڵدا دەرچووە ئەفسەرێکی خولی یەکەمی قەڵاچوالانە کە لەناو (48) عەمیدروکن و عەقیدروکن و پلەکانی تر توانی ئاستی یەکەمی کولیە بەدەست بێنێ. ئەو ئەفسەرانەش کە لەناو سوپای عیراق و وەزارەتی بەرگری کاردەکەن پلەیان زۆر بەرزە لە عەمید بۆ سەرەوەیە. کورد لە وەزارەتی بەرگری و لە تەشکیلاتەکانی سوپادا ڕێژەیەکی زۆر لاوازی هەیە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەو قیدەمە دراوە بۆ ئەفسەرە کوردەکان تاوەکو لەوێ بتوانن پۆستی شیاو وەربگرن لە کۆتاییشدا خزمەت بە کوردستان بکەن.

4. نابێ چاودێرەکە بڵێ (دەورەی ملازم شەهید جوامێر) چونکە جوامێری جوامێر بەر لەوەی شەهید ببێ ملازمی سەربازی بووە و دەرچووی کولیەی عەسکەری بەغدا بووە لەدوای شەهیدبوونی پلەی ملازمی پێ نەبەخشراوە. ڕاستییەکەی دەبێ بڵێ (دەورەی شەهید ملازم جوامێر) !

5. چاودێرەکە دیارە زۆر بێ ئاگایە لەمەسەلەی قیدەم وهەل ومەرجی ناوخۆی کوردستان لەساڵی 1991 تا ئێستا کە چەندین شەڕو ناخۆشی ڕوویداوە ئەو کەسانەی کەلە شەڕەکاندا وەکو کادری عەسکەری توانای بێ وێنەیان نواندوە قیدەمی شەش مانگیان پێ بەخشراوە یاخود دەرچووی کۆلیژێکی تر بووە جگە لە کولیەی عەسکەری بەپێی یاسا قیدەمیان دراوەتێ.

6. چاودێرەکە دەڵێ لەمساڵدا ئەفسەرانی دەورەی یەکی قەڵاچوالان بوون بە عەقید دیارە زۆر بێ زانیارییە چونکە پێش ساڵێک لەمەوپێش دەرچووی خولی یەکەم بووە بە عەمیدروکن ئێستا لە ناو سوپای عیراق (فەرماندەی لیوا) یە ویەکێکە لە باشترین فەرماندەکانی سوپای نوێی عیراق کە لە ئاییندەیەکی نزیکدا دەکرێ بە (قائید فیرقە) نازانرێ بۆ ئەمەیان چاودێرەکە پێی باشە یان بەلایەوە باشتر دەبوو ئەفسەرێکی عەرەبی بێ زانیاری لاواز بکرابایە بە فەرماندەی لیوا. پاشان زۆرێک لە دەرچووانی خولی شەهید ملازم جوامێر پلەیان رائدە. ئەوەی چاودێرەکە باسی لێوەدەکات لە کوردستان نییە بەڵکو لەناو سوپای نوێی عیراقدا بەلێشاو پلە دەبەخشن نەک بە ئەفسەر بەڵکو زۆر لەوانەی تەنانەت خوێندەواری تەواویشیان نییە بوونەتە ئەفسەری پلەبەرز ئەوەش بەهۆی کاریگەری بڕیارەکانی پۆل بریمەری حاکمی مەدەنی ئەمریکی لە عیراق کە بۆ ڕیسوابوونی سوپای پێشووی عیراق دەری چواندووە.

7. سەبارەت بە پلەبەرزکردنەوە لە سەربازی خۆبەخش بۆ رئیس عورەفا و ئائب زابت هەمووی بەشێوەی یاسایی بووە پشتی بەستووە بە ئاستی خوێندەواری لە دەرچووانی کۆلیج و پەیمانگاو ئامادەییەکان.

8. سەرۆکی لیژنەی پلەبەرزکردنەوە لیوا عزیز نەبووە بەڵکو بریکاری وەزارەت بووە ئەو قسە نابەجێیانە شیاونییە بە کەسێکی وەک و لیوا عزیز ئەنور جۆخین بووترێ چونکە هەموو هەولێر و زۆربەی کوردستان دەزانێت عزیز جۆخین کێیە و ئەگەر بەرژەوەندی تایبەتی بویستایە دوچاری زیندانی و ئەشکەنجە و نارەحەتی نەدەبوو. ئەو جۆرە قسانە هی خەڵکانی قین لەدڵ و ترسنۆکە یان هەوڵی وەرگرتنی ئیمتیازیان داوە بە شێوەیەکی نایاسایی و ناشەرعی بۆیان نەچۆتەسەر.

9. بەڕێز شێخ جعفر وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێشمەرگە کەسێکی نامۆ نییە بە مەسەلەی پلە بەرزکردنەوە و خزمەتی سەربازی چونکە بەر لە (10) ساڵ بریکاری وەزارەتی کاروباری پێشمەرگە بووە و فرسەتی لی ناهێنرێت و هەرکارێک قەناعەتی تەواوی پێنەبێ جێبەجێی ناکات.

10. بەڕێز فەریق روکن (نەوشیروان فوئاد مەستی) لەم پلە بەرزکردنەوەی دواییدا پلەی بەرزکراوەتەوە بۆ فەریقی یەکەمی روکن ئەم بڕیارە و هەموو فەرمانەکانی پلە بەرزکردنەوە لەلایەن بەڕێز (نەوشیروان فوئاد مەستی) جێبەجێ کراون و ئەم خاڵەش بێ ئاگایی چاودێرەکە دەردەخات.

11. مەسەلەی خزمەتکردنی سەربازی پەیوەست نییە بە پلەیبەرزەوە. چونکە زۆر پلەی نزم لەکاتی پێویستدا قارەمانێتی و جوامێری وای نواندووە (لەگەڵ رێزدا زۆر بۆ پلە بەرزەکان) کە لە هەڵوێستی بەشێک لە پلە بەرزەکان بالاتر بوون.